# گوفتار وکاروکردەوەی

# پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) پێش پێغەمبەرایەتی

[ كردي – کوردی – kurdish ]


## موحەمەد ساڵح المنجد

سایتی: سایتی ئیسلام پرسیار و وەڵام

**وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس**

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**



2013 - 1434

IslamHouse.com

# أقوال وأفعال النبي ﷺ قبل البعثة

« باللغة الكردية »


## محمد صالح المنجد

موقع الإسلام سؤال وجواب



ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2013 - 1434

IslamHouse.com

## گوفتار وكاروكردەوەی

## پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) پێش پێغەمبەرايەتی

**پرسيار:** ئايا گوفتار وكاروكردەوەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) پێش پێغەمبەرايەتی دەكرێتە بەڵگە وسوننەت، بۆ نموونە زەواج كردنی لەگەڵ خديخە ( خوای لێ ڕازی بێت ) ؟

**وەڵام:** سوپاس بۆ خوای گەورە وميهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفى وئال وبەيت ويار وياوەرانی هەتا هەتايە .

ئەصڵ لەكاروكردەوەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) پێش پێغەمبەرايەتی ئەوەيە كە تەشريع وسوننەت نييە بۆ ئێمە، وە واجب نييە لەسەرمان كە شوێنی بكەوين وئيقتدای پێوە بكەين، جگە ئەوە نەبێت پاش پێغەمبەرايەتی شەريعەتەكەی ئەوەی پێشتری بە مەشروع زانی بێت، جا چی بەواجبی زانی بێت يان

بە سوننەت، بۆ نموونە، وەك وەفا بە پەیمان وبەڵێنەوە، یان یارمەتیدانی هەژاران ولێقەوماوان، ڕێزی میوان گرتن، یارمەتیدانی هەق وڕاستی، هەندێك شتی تریش، ئەگەر هاتوو لەم شێوەیە بوو، ئەوە واجبە لەسەرمان پابەند بین پێوەی، چونکە لەپاش پێغەمبەرایەتی بووە بە تەشریع ویاسا وڕێسا بۆمان، ئەمەش تەنها لەبەر ئەوەنا پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) پێش پێغەمبەرایەتی کردوونی، نەخێر بەڵکو لەبەر ئەوەی شەریعەتی ئیسلام داکۆکی لێکردووە، چونکە هەندێك کاروکردەوەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) هەیە پێش پێغەمبەرایەتی هیچ واجب نییە لەسەرمان شوێنی بکەوین، ئەویش لەبەر ئەوەی لەشەریعەتی ئیسلامدا جێگیر نەبووە، یان پاش هاتنی شەریعەتی ئیسلام حوکمی نەسخ بووەتەوە ، یان ئەوەتانێ ئەحکامەکانی ئیسلام پاش تر دژایەتی کردوون .

شێخ الإسلام ابن تيمية ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت :

« والأمور التي جرت قبل النبوة لا تذكر للأخذ والتشريع كفعله بعد النبوة، لأن المسلمين أجمعوا على أن الذي فرض على العباد من الإيمان به صلى الله عليه وسلم، والعمل بما جاء به ، إنما ذلك لما كان بعد النبوة .

ولهذا كان عندهم : من ترك الجمعة والجماعة ، وتخلى في الغيران والكهوف والجبال ، حيث لا جمعة ولا جماعة ، وزعم أنه يقتدي بالنبي صلى الله عليه لكونه كان متحنثا في غار حراء قبل النبوة ، فترك ما شرع له من العبادات الشرعية التي أمر الله بها ورسوله ، واقتدى بما كان يفعل قبل النبوة ـ كان مخطئا ؛ فإن النبي صلى الله عليه وسلم بعد أن أكرمه الله بالنبوة ، لم يكن يفعل ما فعله قبل ذلك ، من حيث التحنث في غار حراء أو نحو ذلك .

ولم يكن أحد من أصحابه صلوات الله عليه من بعده، يأتي لغار حراء، ولا يتخلفون عن الجمعة والجماعة في الأماكن المنقطعة، ولا عمل أحد منهم خلوة

أربعينية ، كما يفعله بعض المتأخرين، بل كانوا يعبدون الله بالعبادات الشرعية التي شرعها لهم النبي صلى الله عليه وآله وسلم »[مجموع الفتاوى( ١٨ / ١)].

واتا: ئەوەی پێش پێغەمبەرایەتی ڕوویداوە لەکاروکردەوەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) وەك پاش پێغەمبەرایەتی نابێتە تەشریع و یاسا وڕێسا بۆمان، چونکە موسڵمانان کۆدەنگن لەسەر ئەوەی، ئەوەی فەرزکراوە لەسەر بەندەکان لە لەباوەڕ وئیمان پێهێنان بەپێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) وکارپێکردنی ئەو ئەحکامانەیە کە پاش پێغەمبەرایەتی بۆی هاتوون، بۆیە دەبینین لای هەندێك کەس کە واتێگەیشت بوون کە هەرکەسێك جومعە و جەماعەت واز لێ بهێنێت، وبچێتە گۆشەیەکی ئەشکەوت وکێوەکان بۆ خوا پەرستی ئیتر جومعە و جەماعەتی لەسەر نییە، بەگومانی خۆیان  شوێن پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەکەون، چونکە ئەو پێش پێغەمبەرایەتی بەو شێوەی دەکرد، ئەمە کارێکی هەڵەیە،

چونکە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) پاش ئەوەی خوای گەورە ڕێزی لێنا وکردی بە پێغەمبەر ئیتر وازی لەو کارەی هێناو گۆشەگیری نەدەکرد بۆ خوا پەرستی لە ئەشکەوتی حیراء، وە هیچ کەسێکیش لەهاوەڵە بەرێزەکان (خوایان لێ ڕازی بێت) بۆ خوا پەرستی نەچوونەتە ئەو ئەشکەوتە و واز لە جومعە و جەماعەت بهێنێت، وە نەچوونەتە خەڵوەتی چل ڕۆژەوە وەك هەندێك لەخەڵکی لەم دواییانەدا کەوتبونە سەری، بەڵکو هاوەڵە بەرێزەکان بەو شێوەیە عیبادەت و خواپەرستیان دەکرد، کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) پاش بوون بە پێغەمبەر بۆی هێنا بوون .

بەڵام زانایانی فەرموودەناس گرنگی دەدەن بەو هەموو باس وخواسانەی کە لەبارەی پێغەمبەروە (صلى الله عليه وسلم) وە هاتوون، ئەگەر چی پێش پێغەمبەرایەتیش بێت، چونکە بەپێی پێناسەی زانایانی فەرموودەناس ئەو گوفتارو کاروکردەوانەیش

لەپێش پێغەمبەرایەتی هاتوون دەچنە چوار چێوەی پێناسەی سونەتەوە، چونکە ئەوان هەرچیەك لەبارەی پێغەمبەروە (صلى الله عليه وسلم) وارد بووبێت بە سوننەتی ناو دەبەن، [ بۆ ئەم مەسئەلەیەش سەیری کتێبی أفعال الرسول صلى الله عليه وسلم ودلالتها على الأحكام ، للدكتور محمد العروسي( ١٤٩ ) ] .